ئاژانسی میدیایی تورکمان
لەگەڵ ئێوە بۆ ئێوە
٥٠٠ دینار | ژمارە: ١٧ | تیراژ: ٢٠٠٠ | ١٢ ئادار ٢٠١٨

# گرێ و قوفلەکانی سەر پردی ئەئیممە



◀◀٨

# "تاکە لیست کە بانگەواز بۆ هەبوونی نەتەوەیی تورکمان لە هەولێر دەکات"

## پەرلەمانتار ئایدن مەعروف

سەلماندنی هەبوونی تورکمان بە گرنگ وەسف دەکات و دەڵێت" پێویستە هەبوونی بەهێزی تورکمان لە هەولێر بەهەموو جیهان نیشان بدەین".

## لیستی ١٣٧ بەرەی تورکمانی عێراقی

◀◀٢



## موسڵ چاوەڕوانی هەنگاوەکانی دوای کۆنفرانسی کوەیتە

■ دوای داگیرکردنی لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە، موسڵ چاوەڕوانی هەنگاوەکانی دوای کۆنفرانسی دووبارەی بنیاتنانەوەی عێراق لە کوەیت دەکات.

محەمەد عەلی ئەفەندی ئۆغلو، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی عێراقی و بەرپرسی موسڵی ئەو حیزبە بە تەبای ڕاگەیاند کە دوای ڕزگارکردنی موسڵ لەدەستی داعش، تا ئێستا هەنگاوی پێویست بۆ بنیاتنانەوەی شارەکە نەنراوە.

◀◀٣

## منداڵانی تورکمان بە جل و بەرگی نەتەوەیی تورکمانی



■ لە ڕۆژی جل و بەرگی نەتەوەیی بە پۆنسەری ئاژانسی میدیایی تورکمان (تەبا)، قوتابیانی قوتابخانەی ئاق قۆینلوی تورکمانی بە پۆشینی جل و بەرگی نەتەوەیی بەشدارییان لە چالاکییەکە کرد.

بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئاق قۆینلوی تورکمانی خالید ڕۆستەم سولەیمان، بەهۆی بوونی بە سپۆنسەر لە ڕۆژی جل و بەرگی نەتەوەیی بۆ قۆتابیانی قوتابخانەکە، سوپاسی ئاژانسی میدیایی تورکمان (تەبا)ی کرد.

◀◀٧

## پرۆژەیەک بۆ قەڵا دێرینەکەی کەرکوک



■ قەڵاکە چوار دەرگای سەرەکی هەیە ئەوانیش هەریەکە لە دەرگاکانی تۆپ قاپی، حەلواچلەر، تاش قاپی و یەدی قزلار

■ تونێلەکانی ژێر قەڵا بەنێو گەڕەکەکانی موسەڵڵا و ئیمام قاسم و ئەحمەد ئاغا تێپەردەبێت

■ ئەگەر لە بری چاککردنەوە بڵێین تێکدان دروستترە

■ پرۆژەیەکم بۆ دووبارە ژیانەوەی قەڵا پێشکەش کردووە

◀◀٦

## جامچییە کۆنەکانی هەولێر و پیشەی جامچیەتی



■ هەفتەنامەی تەبا بەردەوامە لە بڵاوکردنەوەی ئەو پیشانەی هەر لەکۆنەوە لەلایەن خەڵکی تورکمان لە شاری هەولێر ئەنجام دراون.

لەم ژمارەیەدا باس لە پیشەی جامچیەتی دەکەین، شایەنی باسە تورکمانی گەڕەکی عەرەبی شاری هەولێر هەرلە کۆنەوە بەو پیشەیەوە خەریک بوونە.

لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ فارس حەمزە ئەسکەندەر کورەچی کە هەر لە زووەوە جامچی بووە، ووردەکاریی پیشەکەی بۆ خستەڕوو.

◀◀٣

### د. سۆران صلاح الدين شكر



هەڵکشان وداکشانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بەشی دووەم-کۆتایی

◀◀٥

### ٥٨ ساڵە خەریکی ئەم پیشەیەیە



سەید کەماڵ کە ساڵانێکی زۆرە بە دروستکردن و فرۆشتنی کوبە خەریکە بۆ هەفتەنامەی تەبا دەدوێ.

◀◀٤

### عەلی عەنتەر



کاتی خۆسەلماندنە

◀◀٤

# "تاکە لیست کە بانگەواز بۆ هەبوونی نەتەوەیی تورکمان لە هەولێر دەکات"

## ١٣٧

وەک پێشووتر راگەیەندرابوو، لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، تورکمان لە هەولێر بەیەک لیست بەشداری دەکات.

ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی عێراقی و سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان-عێراق، ئایدن مەعروف رایگەیاند "نەبوونی لیستێکی تر جگە لە لیستی بەرەی تورکمانی سوود بە ئێمە دەگەیەنێت".

بەرەی تورکمانی عێراقی لە شاری هەولێر دامەزراوە، سەرۆکی فراکسیۆنەکە لەم بارەیەوە دەڵێت "ئەمە شتێکی زۆر گرنگە بۆ ئێمە کە لە هەولێر تەنها لەژێر ناوی بەرەی تورکمانی عێراقی تورکمان بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکەن".

ئایدن مەعروف کە هاوکات پەرلەمانتاری بەرەی تورکمانیە سەلماندنی هەبوونی تورکمان بە گرنگ وەسف دەکات و دەشڵێت" پێویستە هەبوونی بەهێزی تورکمان لە هەولێر بەهەموو جیهان نیشان بدەین".

سەبارەت بە بابەتە رۆژەڤەکانی ئەم دواییانە ئایدن مەعروف، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی عێراقی و سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی لە پەرلەمانی کوردستان-عێراق بۆ هەفتەنامەی تەبا دوا.

> نەبوونی لیستێکی تر جگە لە لیستی بەرەی تورکمانی سوود بە ئێمە دەگەینێت

**تەنها بەرەی تورکمانی عێراقی لە شاری هەولێر بە لیستێک بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی عێراق دەکات، ئایا ئەمە سوودی بۆ تورکمان هەیە**



وەک بەرەی تورکمانی عێراقی لە شاری هەولێر بە لیستی ژمارە ١٣٧بەناوی تورکمان بەتەنها بەشداریمان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقی کرد. ئەمە بۆ ئێمە و خەڵکی هەولێر زۆر گرنگە. ئەم پرسە بە دوو پێوەر بۆ ئێمە گرنگە ؛ یەکەمیان نەبوونی لیستێکی تر لە بەرامبەر لیستەکەی بەرەی تورکمانی کە قازانجێکی زۆر بە ئێمە دەگەینێت و ئەمە بۆ خەڵکی هەولێر گرنگە. دووهەمیان ئەم پرسە لایەنی مەعنەوی لەخۆ دەگرێت، وەکو دەزانن بەرەی تورکمانی عێراق لە شاری هەولێر دامەزراوە. تورکمان لە هەولێر تەنها لەژێر ناوی بەرەی تورکمانی عێراقی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکات. ئەمەش بۆ ئێمە زۆر گرنگە. لە موسڵ و تەلەعفەر وەکو کاندید بەشداری دەکەن. لە کەرکووک بە لیستی بەرەی تورکمانی کەرکووک بەشداری دەکەن. لە دوزخورماتوو و دیالەش تورکمان وەکو کاندید بەشدارییان کرد. تەنها لە هەولێر، تورکمان بە لیستی بەرەی تورکمانی عێراقی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکات. ئەمەش بۆ هەولێرییەکان و تورکمان مایەی شانازییە. پێویستە خەڵکی شاری هەولێر و تورکمان پشتگیری لە لیستەکە بکەن.

> خۆسەلماندنی تورکمان پرسێکی گرنگە

وەک ئاماژەم پێکرد، بەرەی تورکمانی عێراقی وەکو تاکە لیستی تورکمانی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان کرد، بۆیە چاوەڕێی هەڵوێست و پشتگیری و دەنگی هەولێرییەکانین. کاندیدی زۆر بەنرخمان هەیە و لیستی بەرەی تورکمانی عێراقی لیستێکی گرنگە بۆ ئێمە. هاوکات بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی زۆری دەنگی تورکمان گرنگترە. ئامانجی سەرەکی ئێمە بەدەستهێنانی زیاتر لە کورسییەکە، بچووکترین ئامانجیشمان بەدەستهێنانی یەک کورسییە. بۆ نوێنەرایەتیکردن لە بەغداد، پێویستە کورسییەک بەدەست بهێنین. ئێمە بەم ئامانجە کاردەکەین. بۆیە خۆسەلماندنی تورکمان پرسێکی گرنگە.

> نوێنەری تورکمان دەبێتە پردێکی گرنگ لەنێوان هەولێر و کەرکوک

> پێویستە هەبوونی بەهێزی تورکمان لە هەولێر بەهەموو جیهان نیشان بدەین

پێویستە هەبوونی بەهێزی تورکمان لە هەولێر بەهەموو جیهان نیشان بدەین، دەبێت هەبوون و دەنگی تورکمان لە شاری هەولێر نیشان بدەین. پێویستە جیهان بەوە بزانێت کە لە شاری هەولێر برایەتی و پێکەوەژیان و دۆستایەتی هەیە.نەک بەتەنها لە تورکمان، بەڵکو چاوەڕوانی پشتگیری لە برایانی کوردیش دەکەین. ئەگەر نوێنەری ئێمە لە هەولێرەوە بچێتە پەرلەمان، دەبێتە پەرلەمانتاری هەولێر واتە نوێنەرایەتی شاری هەولێر بە گشتی دەکات و پشتگیری لە خەڵکی هەولێر دەکات. هاوکات ئەو نوێنەرە تورکمانەی کە هەڵدەبژێردرێت دەبێتە پردێکی گرنگ لەنێوان هەولێر و کەرکووک. هاوکات لە نێوان تورکمان و کوردیش.

> لە راستیدا عێراق پێویستی بە برایەتی و پێکەوەژیان هەیە. بۆیە وەک بەرەی تورکمانی عێراقی، لەهەڵبژاردنەکان دروشمی برایەتی بەکاردەهێنین

**دروشمی بەرەی تورکمانی عێراقی لە هەڵبژاردنەکانی ١٢ی مانگی ئایار چی دەبێت**

بە دروشمی "تاکە لیستی هەولێر کە بانگەواز بۆ هەبوونی نەتەوەیی تورکمان دەکات" بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکەین.

هاوکات بەرەی تورکمانی عێراقی لەژێر ناوی ئاشتی و برایەتی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکات. هەروەها "ئێمە براین" یەکێك دەبێت لە دروشمەکانمان چونکە بەڕاستی عێراق پێویستی بە برایەتی و پێکەوەژیان هەیە. بۆیە وەکو بەرەی تورکمانی عێراقی، دروشمی برایەتی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکەین

> ماوەی ١٥ ساڵە هیچ پەرلەمانتارێکی تورکمان لە پەرلەمانی عێراق نییە نوێنەرایەتی شاری هەولێر بکات

**دەکرێ چەند زانیارییەکمان دەربارەی کاندیدەکانی لیستی بەرەی تورکمانی عێراقی پێبەخشیت**

کاندیدەکانمان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆران. هەموویان خەڵکی هەولێرن و پشتگیری لە بەرەی تورکمانی دەکەن. کاندیدی لێهاتوون و پەروەردەی خانەوادەی رەسەنن و لەکۆمەڵگایەکی باش پەروەردەبوونە. دوای گفتوگۆ لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی هەولێر، سێ ئافرەت و سێ پیاومان هەڵبژارد و لیستی بەرەی تورکمانی عێراقیمان پێکهێنا. پێویستە تورکمانی هەولێر کارتی دەنگدەر وەربگرن و زۆر ئاگاداری ئەم بابەتە بن. بۆ هەڵبژاردن دوو مانگمان لەپێشە و مەرجە هەولێرییەکان خاوەندارییەتی بەرەی تورکمانی عێراقی بکەن. ئێمە لەسەر ئەم بنەمایە کار دەکەین. لە ساڵی ٢٠٠٣وە تاکو ئێستا ١٥ ساڵە پەرلەمانتارێکی تورکمان لە پەرلەمانی عێراق نییە کە نوێنەرایەتی شاری هەولێر بکات. ئەمە کەموکورییەکی گەورەیە. بۆیە پێویستە هەولێرییەکان پشتگیری لەم لیستە بکەن و دەنگی پێبدەن. ئەمە ئەرکێکی نیشتیمانییە لەسەر هەموومان.

**پێشتر تورکمانی هەولێر بە چ شێوازێک بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی عێراق کردبوو**

لە ساڵی ٢٠١٠ بەشداریمان لە هەڵبژاردنەکان کرد و نزیکەی ٥ هەزار دەنگمان بەدەستهێنا. هەروەها لە ساڵی ٢٠١٤ بەشداریمان لە هەڵبژاردنەکان کرد. لێرەدا ئامانجمان ئەوەیە کە ڕێژەیەکی زۆر دەنگ بەدەستبهێنین، چونکە ئێمە لەم چوار پێنج ساڵەی رابردوو بەچالاکی کاردەکەین. هاوکات بەم دواییانە پێشکەوتنێکی باش لە سیاسەت و دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ هەیە. وادیارە هەنگاوی گەورەمان ناوە لە بوارەکانی هاوکاری مرۆیی، میدیاگەری، چالاکی و لەخۆگرتنی تورکمان و هاوکات هەموویان لەپێناو دروستکردنی برایەتی هەنگاوی بەرچاو بوو. بۆیە ئەمجارە ئامانجان بەدەستهێنانی ڕێژەیەکی زۆر لە دەنگی هاووڵاتییان دەبێت بۆ فەراهەمکردنی نوینەرێک لە پەرلەمانی عێراق و بەدەستهێنانی کور

> پێویستە هەبوونی تورکمان بە عێراقییەکان و هەموو جیهان نیشان بدەین

> بۆ نوێنەرایەتی تورکمان پێویستمان بەکورسییەک هەیە

ئێمە دەڵێین لە هەولێر ٤٠٠ هەزار تورکمان دەژیت و ئەمە هەلێکی باشە. تاکە لیست بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دەکات لیستی بەرەی تورکمانی عێراقیە. بوونی تاکە لیستێک لە شارێک کە ٤٠٠ هەزار تورکمانی لێ دەژیت هەلێکی باشە. پێویستە هەبوونی تورکمان بە عێراقییەکان و هەموو جیهان بسەلمێنین. بۆ نوینەرایەتیکردن پێویستمان بە کورسییەک هەیە و ئەمە پرسێکی ژیانیە.

عەلی عەنتەر
فۆتۆ:بارزان لوقمان

# موسڵ چاوەڕوانی هەنگاوەکانی دوای کۆنفرانسی کوەیتە



دوای داگیرکردنی لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە، موسڵ چاوەڕوانی هەنگاوەکانی دوای کۆنفرانسی دووبارەی بنیاتنانەوەی عێراق لە کوەیت دەکات.

محەمەد عەلی ئەفەندی ئۆغلو، ئەندامی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی عێراقی و بەرپرسی موسڵی ئەو حیزبە بە تەبای ڕاگەیاند کە دوای ڕزگارکردنی موسڵ لەدەستی داعش، تا ئێستا هەنگاوی پێویست بۆ بنیاتنانەوەی شارەکە نەنراوە.

ئەفەندی ئۆغلو ئاماژەی بەوەکرد ئەوان چاوەڕوانی ئەنجامەکانی کۆنفرانسی دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق دەکەن و ووتی "لە کۆنفرانسەکەدا هەندێک ووڵات هاوکاریان بۆ شاری موسڵ پێشکەش کردووە. بەڵام تائێستا هیچ هەنگاوێک بۆ ئەم مەبەستە نەنراوە. بەگشتی دۆخی موسڵ باش نییە".

هاوکات ئاشکرای کرد کە پەیمانییان لە عێراق و هەندێک لەو ولاتانەی هاوکاریی موسڵیان کردووەو وەرگرتووە و ووتیشی "دوای مانگی ئادار بە مەبەستی چاکردنەوەی ژێرخانی شارەکە کۆمپانیاکان سەردانی موسڵ دەکەن".

لەلایەکی تر ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسی بەرەی تورکمانی تیشکی خستە سەر دۆخی زانکۆی تەلەعفەر و بانگەوازێک بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات و دەڵێت "کارێکی زۆر بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی تەلەعفەر پێویستە. زانکۆی تەلەعفەر کەم وکورتی زۆری هەیە. پێداویستی تایبەت بۆ خوێندن بەردەست نییە و قوتابیان ناتوانن درێژە بە خوێندن بدەن. لە سەدا ٨٠ی ناوچەی موسڵی کۆن وێران بووە. لەحاڵەتێک ٢٤ کاتژمێر بەبێ وەستان کاری تیا بکرێت، لەوانەیە دوای ساڵ و نیوێک بەشێکی گەڕەکەکە نۆژەنبکرێتەوە. ژیان لە دەرەوەی موسڵی کۆن ئاساییە و زیانی زۆری پێنەگەیشتووە، بەڵام لە موسڵی کۆن وێرانکارییەکی زۆر ڕوویداوە. بۆیە گشت دامەزراوەکان لە دەرەوەی موسڵی کۆندان و ڕۆژانە هاووڵاتی بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی سەردانی موسڵی کۆن دەکات".

سەبارەت بە بارودۆخی ئەمنی شارەکە ئەفەندی ئۆغل ئاشکرای کرد کە بارودۆخی ئەمنی شارەکە باشە و لە سەدا ٨٥ی کۆچبەرانی تورکمان کە پێشتر بەهۆی داگیرکاری ڕێکخراوی داعش ئاوارەببوون، گەڕاونەتەوە ناوچەکانی خۆیان.

بەرپرسی نووسیگەی موسڵی بەرەی تورکمانی عێراقی محەمەد ئەفەندی ئۆغلو تیشکی خستەسەر دۆخی قەزای تەلەعفەر و ووتیشی "تا ئێستا ڕێژەی گەڕانەوەی هاووڵاتیان بۆ تەلەعفەر کەمە. بەپێی ئەو زانیارییانەی پێمان گەیشتووە، تا ئێستا تەنها نۆ هەزار خێزان گەڕاونەتەوە. پێشووتر لە تەلەعفەر ٢٥ بۆ ٣٠ هەزار خێزان هەبوو. گەڕانەوەی ئەو ژمارەیە زۆر ئەستەمە. لە تورکیا حەوت هەزار خێزان هەیە و تا ئێستا ئەو خێزانانە نەگەڕاونەتەوە، چاوەڕوانی باش بوونی دۆخی تەلەعفەرن".

ناوبراو هیواخوازە ئاوارەکانی تەلەعفەر لە تورکیا بگەڕێنەوە و دەڵێت "وەک ئاشکرایە ماوەی هەڵبژاردنەکان نزیک بووەتەوە، بۆیە داوا دەکەین هەموو تورکمان بگەڕێنەوە و مافی دانگدان بەکاربێنن و کارتی دەنگدەر وەربگرن و ڕێکاری پێویست بۆ دەنگدان بگرنەبەر. ئێمە هەرچی پێویست بێت بۆ ئەم پرسە ئامادەین بیکەین".

بەرپرسی نووسینگەی موسڵی بەرەی تورکمانی عێراقی لە کۆتاییدا ئاماژە بە هاوکاری ڕێکخراوە مرۆییەکانی تورکی دەکات و دەڵێت "تەنها ڕێکخراوی ئافاد و مانگی سووری تورکی لەبارەی کۆچکردن و گەڕانەوە هاوکاریان کردووین. هەروەها دەزگای تورکمەنئێلیش هاوکاریەکی زۆری کردووین".

**بارزان لوقمان**
**فۆتۆ: عەبدوڵا ئەحمەد**

# پیشەی جامچیەتی و جامچیەکانی شاری هەولێر

هەفتەنامەی تەبا بەردەوامە لە بڵاوکردنەوەی ئەو پیشانەی هەر لەکۆنەوە لەلایەن خەڵکی تورکمان لە شاری هەولێر ئەنجام دراون.

ئەم جارەیان باس لە پیشەی جامچیەتی دەکەین، شایەنی باسە تورکمانی گەڕەکی عەرەبی شاری هەولێر هەرلە کۆنەوە بەو پیشەیە خەریک بوونە.

لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ فارس حەمزە ئەسکەندەر کورەچی کە هەر لە زووەوە جامچی بووە، ووردەکاریی پیشەکەی بۆ خستەڕوو.

فارس کورەچی کە ٣٥ ساڵە تا ئێستاش بەم پیشەیە خەریکە و باسی چۆنییەتی دەست بە کارکردنی بۆ تەبا دەکات و دەڵێت "لە تەمەنی بچووکیەوە لە نزیک مزگەوتی خانەقا پیشەی دارتاشیم دەکرد. لەو کاتە لای وەستا جەلیلی وەک دارتاش کارم دەکرد، پاشان وورده وورده دەستم بە برینی جام بۆ سندوقەکان کرد. دواتر لەگەڵ برازای وەستاکەم دوکانێکمان بەکرێ گرت و لە کاتەوە دەستمان بە پیشەی جامچیەتی کرد".

هاوکات بە پێی زانیاریەکانی فارس کورەچی، جامچی کۆنەکانی شاری هەولێر بریتیبوونە لە؛ هادی شوکر جامچی، محەمەد جامچی، خەتاب جامچی، سالم فەتاح و خاڵە کەماڵ. هاوکات زۆربەی بۆیەچیەکانی پێشوو شارەزابوونە لە پیشەی جامچییەتی. کورەچیش یەکێک بووە لەوانەی لە دووکانەکەی خۆی وەک جامچی و بۆیاغچی کاری دەکرد. ئەو تورکمانانەی کە لە ئێستادا ئەو کارە ئەنجام دەدەن تەنها خەتاب جامچی و منداڵەکانی کۆچکردوو محەمەد جامچین لە گەڕەکی تەیراوە.




ناوبراو تیشک دەخاتە سەر بەکارهێنانی جامی قورس لەلایەن جامچییەکان و کارئاسانی لە کارەکانیان و دەڵێت "زۆرینەی جامچییەکان جامی ١٠ مم بەکاردەهێنن کە زۆر قورسە و ئەوان بە شێوەیەکی ئاسانتر کاردەکەن بەڵام لەبەر قورسی جامەکان من توانای بەکارهێنانی ئەم جۆرە جامانەم نیە".

هاوکات بە پێی زانیاریەکانی فارس کورەچی ئەو تورکمانانەی کە لە ئێستادا ئەو کارە دەکەن تەنها خەتاب جامچی و منداڵەکانی کۆچکردوو محەمەد جامچین لە گەڕەکی تەیراوە. هەرچەندە براکانی کورەچی لە پیشەکە شارەزان بەڵام بەهۆی بوونی مەترسی لە پیشەکە نایانەوێت ئەم کارە بکەن و منداڵەکانیشی درێژە بە ژیانی ئەکادیمیان دەدەن و پاش تەواو بوونی خوێندن دەست بەو کارە دەکەنەوە.

فارس حەمزە ئەسکەندەر کورەچی کە تەمەنێکە بە پیشەی جامچیەتی خەریکە، ئاشکرای کرد کە شارەوانی هەولێر بڕیاری ڕووخاندنی دووکانەکانیان بۆ دەرکردووە.

**عەلی سالم**
**فۆتۆ: محەمەد ئەمین**



# ”دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەش دژ بە پەکەکە دەستپێدەکات“




لە لێدوانیکدا وەزیری دەرەوەی تورکیا مەولود چاوشئۆغلو ئاشکرای کرد کە دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە مانگی مایسی داهاتوو، ئۆپەراسیۆنێکی دەرەوەی سنووری هاوبەش لەگەڵ بەغداد دژ بە ڕێکخراوی تیرۆریستی پەکەکە دەستپێدەکات.

لەمیانەی سەردانێکی بۆ تاوتوێیکردنی پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی تورکیا و نەمسا، چاوشئۆغلو چەند ڕوونکردنەوەیەکی تایبەت بە بابەتە ڕۆژڤەکان دا. وەزیری دەرەوەی تورکیا ئاماژەی بەوەدا کە سەرکەوتنی گرنگ لە عێراق بەرامبەر بە داعش بەردەست کراوە و ئاشکراشی کرد کە لەم ماوەیەدا ئەندامانی پەکەکە لە شاخەکانەوە بەرەو شاری کەرکوک هاتوون.

مەولود چاوشئۆغلو ووتی ”لەکاتی بوونی ڕێکخراوە تیرۆریستیەکان لێرەدا، بێگومان عێراق هەست بە ئاسودەیی ناکات. کە دەڵێم عێراق، مەبەستم تەنها بەغداد نییە. لە عێراقدا ئەوانەی زۆرترین زەرەرمەندی دەست پەکەکە بوون، کوردانی عێراق بوون. واتە ئیدارەی باکووری عێراقە“.

چاوشئۆغلو تیشکتی جەختی کردەوە کە عێراق دەبێت لە پەکەکە خاڵی بکرێتەوە و ووتیشی ”ئۆپەراسیۆنێک بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی عێراق دژ بە پەکەکە دەبێت و پێویستیشە ببێت. هاوکات ئۆپەراسیۆنەکە دوای هەڵبژاردنەکانی عێراق کە بڕیار وایە لە ١٢ی مایسی ئەم ساڵە بەڕێوەبچێت دەکرێت. ئەگەر ئۆپەراسیۆنی عەفرین کۆتایی پێنەیێت، لەتواناماندایە دوو ئۆپەراسیۆن لەهەمان کاتدا بەڕێوە ببەین“.

ئامادەکردن: بارزان لوقمان

# کاتی خۆسەلماندنە



عەلی عەنتەر

ئێمە کێ؟ نەتەوەیەکی بچووکین وەک ئەوەی باسی دەکەن؟ یاخود ئەو نەتەوەیەی کە مێژووەکەی پڕە لە داستان و ئیمپراتۆرییەت و گەورە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. بە درێژایی مێژوو گەلی تورکمان ستەمی لێکراوە، بەڵام تەنها بۆ جارێکیش ستەمکار نەبووە. نەتەوەیەک کە مێژووەکەی پڕ بێت لە کەلتوور و شارستانییەت، بۆچی بەرەو نەمان بچێت؟ ئایە هۆکاری لەناوچوونمان خۆمانین یان نەیارانمان؟ ئایە ئەوەندەی لەنێو خۆمان ناتەبا و دژیەک دەوەستین نەتەوەکانی تر دژایەتیمان دەکەن؟ دەڵێم نەخێر، ئەوان تەنها سوود لە کەلێنەکانی ئێمە وەردەگرن و بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری دەهێنن.
پێویستە تورکمان چی بکات؟ بەرپرسەکان لەلایەک، پێویستە گەلی ئێمە واز لە هەموو شتێک و هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانی تر بێنێت و لەخۆیەوە دەست پێبکات. گەلەکەمان بەدەست بەرپرسە نابەرپرسەکانەوە دەناڵێنێت، بۆیە یەکەمجار پێویستە هەمووان ڕوو لەو بەرپرسە دووڕوو و بەناو تورکمانەکان بکەن و پێیان بڵێن پارتە تورکمانییەکانتان دابخەن و فەرموون بڕۆن ببن بە خزمەتکاری ئەو پارتە کوردییە دەسەڵاتدارانەی کە لە بەرامبەر پارە و کورسییەکی بێ نرخ وەک مناڵ یاریتان پێوەدەکەن. بێگومان ئەوە باسی دەکەم گشتگیری نییە و هەموو بەرپرسەکان ناگرێتەوە بەڵام بەداخەوە شتێکی زۆر کەمترە لە گشتی. پارتە کوردییەکان مافێکی ڕەوای خۆیانە بە ئازادانە سیاسەت بکەن، وەک یاسای سیاسەتیش ڕەوایە هەموو کەسێک و لایەنێک بەکاربهێنن بۆ مەرامی خۆیان چونکە ئەوان پێیان وایە لە سیاسەتدا هەموو شتێک موباحە. هەر وەک چۆن ئەوان مافی خۆیانە کوردایەتی بکەن تورکمانیش ئەو مافەی هەیە و ئازادە لە بەکار هێنانی. کەس ڕێگریمان لێناکات ئەگەر بە ئازایانە سیاسەت بکەین و بەهێز بین، ڕەنگە نارەحەتیان بکات بەڵام دڵنیام کە ڕێگر نابن. ئەو کاتەش تەنها ئەوەندەیان لە دەست دێت پارتی سێبەر دروستبکەن بۆ لاواز کردنی پێگەی نەتەوەکەمان، ئێستا ئەوەش زۆر بەباشی ئەنجام دەدەن.
دەبێت پێشەکی تورکمان لەوە تێبگات کە هەر چەندە لەناو حیزبە کوردییەکانیش بێت هەر پێی دەڵێن تورکمان نەتەوەی خۆشی بگۆڕێت هەر پێی دەڵێن تورکمان و ڕێگەی پێنادەن هیچ شتێک بکات. بۆ نموونە من کەسێک دەناسم کە تورکمانە و خۆی کردوە بە کورد و زیاد لە ٣٠ ساڵە لەناو حیزبێکی دەسەڵاتدارە بەڵام تا ئێستا ئەندامێکی ئاساییە و هیچ پۆستێکی نییە وێڕای دڵسۆزی و کارکردنی کەچی گەنجێک کە لە تەمەنی کوڕەکەی ئەوە بەرپرسییەتی. ئەوە ئازار بەخش نیە!.
پێویستە خۆمان دەربخەین و ئەوەیان پێ بڵێین ئێمە کەم نین. بیسەلمێنین کە وەک تورکمان لە هەڵبژاردنی داهاتوودا توانای بەدەست هێنانی دەنگێکی زۆرمان هەیە. گرنگ نییە لیستەکە سەر بە کام لایەنە بەڵام گرنگ ئەوەیە لیستەکەمان لیستێکی تورکمانییە. گرنگ نییە کام کاندید سەردەکەوێت، بەڵام گرنگە کە کەسێک هەبێت نوێنەرایەتیمان بکات. یەک لیستی تورکمانی بەشدارە لە هەڵبژاردنەکان ئەوە دەرفەتێکی گەورەیە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرێکی ڕاستەقینە، چونکە ئەوجارە پارتە سێبەرەکان لیستیان نییە. ئەگەر ئەمڕۆ نەتوانین نرخێک بۆ خۆمان دابنێین بەیانی یەکێکی تر دێت و بەبێ نرخ دەمانفرۆشێت و مافی گلەییشمان نابێت.
با وەڵامی پرسیارەکەی خۆم بدەمەوە و بیرتان بخەمەوە ئێمە نەوەی سەلجوقییەکان و ئۆغزەکان و قەرە قۆیونلو و ئاق قۆیونلو و عوسمانییەکانین. بە کورتی ئێمە تورکمانین و گەلێکی بە شەرەف و خاوەن مێژوویەکی پڕ لە شانازین. بە خۆشحاڵییەوە زیندانەکان تورکمانێکی تێدا نییە، ئەوە نیشانەی شارستانییەت و کەلتووری ئێمەیە. خۆشبەختانە تا ئێستا یەک گۆڕانیبێژی ئافرەتمان نییە، ئەوەشیان نیشانەی دینداری و ڕەوشتبەرزیمانە. ئەو هەموو وەسفە جوانەی کە بەردەوام دەکرێت پێویستە هانمان بدات بۆ ئەوەی دەست لەناو دەست زمان و خاک و وڵاتمان لە باوەش بگرین و خۆمان بە خاوەنی بزانین. ئەگەر ئێمە داوای مافی خۆمان نەکەین و نەڵێین ئەوە مافی ئێمەیە کەس ناڵێ فەرموو ئەوە مافی تۆیە. ئەگەر قوربانی نەدەین نابینە خاوەن هیچ شتێک. دەرفەتێکی زێرینمان لەپێشە، لیستێکمان هەیە بەناوی بەرەی تورکمانی واتە لیستی نوێنەری ڕاستەقینە نەک بەناو نوێنەر.

# ٥٨ ساڵە خەریکی ئەم پیشەیەیە

کوبە یەکێکە لە خواردنە هەرە بەناوبانگەکانی شاری هەولێر. دەربارەی ئەوەی کە چۆن و کەی دەستی بەو کارە کردووە و دۆخی ئێستای پیشەکە، سەید کەماڵ کە ساڵانێکی زۆرە بە دروستکردنی کوبە خەریکە بۆ هەفتەنامەی تەبا دەدوێ.

سەید کەمال کوبەچی ناسراو بە مام سەید لە ساڵی ١٩٤٠ لەهەولێر لەدایکبووە و نزیکەی ٥٨ ساڵە بە کوبە فرۆشی خەریکە و دەڵێت ”تەمەنم ٧٨ ساڵە و لە تەمەنی ٢٠ ساڵییەوە کوبە فرۆشم. ساڵانی پیشوو باوکم و براکانیشم هەمان کاریان دەکرد“.

ناوبراو باس لەوە دەکات کە لە شاری هەولێر زۆر کەس ئەم پیشەیەی کردووە و دەڵێت ”ئێمە زۆر لەو کەسانە کۆنترین کە ئێستا کوبە دەفرۆشن. لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٧٠ دوکانێکمان لەنێو ئاسنگەرانی بازاری قەیسەری شاری هەولێر هەبوو. پێش من برا گەورەکانم ئەم پیشەیەیان کردووە. دوای ئەوانیش من کارەکەم بەرێوە بردووە و ئێستا نزیکەی ٥٨ ساڵە خەریکی کارەکەم“.

لە چۆنییەتی ئەنجامدانی کوبەچییێتی سەید کەماڵ دەشڵێت ”هیچ کەسێک لەنێو بازاری قەیسەری ئەم پیشەیەی نەدەکرد. هەموومان لە ماڵەوە کوبەمان ئامادە دەکرد. هەویرمان لە ماڵەوە دەهێنا. دواتر لەشوێنی کار واتە دوکاندا دەستمان دەکرد بە دروستکردنی هەویر و کەرەستەکانی. پێشان ئامێری ووردکردنی گۆشت نەبوو. خۆمان گۆشەکانمان وورد دەکرد و قیمەمان دروستدەکرد“. سەید کەمال باسی ئەو کەسانە دەکات کە پێشتر خەریکی دروستکردن و فرۆشتنی کوبە بوونە و دەشڵێت ” لە ساڵانی حەفتاکان هاووڵاتییەکی بەرەگەز هیندی هەبوو بەناوی حەمەد عەلی. ئەو بە برنج کوبەی دروستدەکرد. هاوکات کەرەستەی کوبەکە لە؛ برنج و پیاز و بیبەر پێکدەهات و کوبەی زۆر تیژ و بەتامی دەکرد“.

دەربارەی شوێنی ئەنجامدانی پیشەکەی خۆی ئاماژە بەوە دەدات کە تا ئێستا لە چوار تا پێنج شوێنی جیاواز کاریکردووە، لە ژێر قەڵاتی هەولێر و بازاری ئاسنگەران ساڵانێکی زۆر کوبەی فرۆشتووە. لە ساڵی ٢٠٠٠ بۆ ئەم دوکانەکەی ئێستای گوازراوە.
سەید کەماڵ کوبەچی هۆکاری جیابوونەوەی لە بازاری قەیسەری بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە بازاری کۆنی قەیسەری بڵاوەی پێکراوە و گۆڕاوە و هەروەها باڵەخانەی نوێی تێدا دروستکراوە. ئەوانیش بەهۆی ئەوانەوە بازارەکەیان جێهێشتووە.
هاوکات مام سەید ئاشکرای کرد کە بازاری ئەوان بە شێوەیەکی گشتی لاوازە و لە دۆخێکی خراپدایە.
نەوەک تەنها خۆی بەڵکو ئێستا برازاکانی بەردەوامی بە پیشەکە دەدەن لەم بارەیەوە سەید کەمال کوبەچی دەڵێت”منداڵەکانم پیشەکە دەزانن بەڵام نایکەن چونکە کارێکی ماندووکەرە.

برازاکانم خەریکی پیشەکەن و لەگەڕەکی تەیراوە دوکانیان هەیە. چەندین کارکەریشمان هەیە کە لە ئێستادا بەناوی ئێمە کار دەکەن“.

عەلی سالم
فۆتۆ: محەمەد ئەمین



## ڕوونکردنەوەیەک لە تەبا...

لە ژمارەی رابردووی هەفتەنامەی تەبا، لە راپۆرتێک لەگەڵ ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان صلاح الدین محمد بهاءالدین، لە مانشێتی بەشی کوردی هەڵەیەکی زمانەوانی ڕوویداوە و لە بری ووشەی (دابڕان) ووشەی (جیابوونەوە) بەکارهاتووە. هاوکات هەڵەکە یەنها لە مانشێت بووە و ناوەڕۆکی بابەتەکە دروست بووە. بەو هۆیە داوای لێبوردن لە خودی بەڕێز صلاح الدین محمد بهاءالدین و لایەنگرانی حیزبەکەی و خوێنەر و رای گشتی دەکەین.

# هەلکشان و داکشانی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراست



د. سوران صلاح الدین شکر

بەشی دووەم-کۆتایی

ئەم قۆناغە تا ساڵی (٢٠٠٣) بەردەام بوو، سیاسەتەکانی ئەمریکا بەدرێژایی ساڵانی (١٩٩٠-٢٠٠٣) زەمینەی تێپەڕاندنی کورد بۆ قۆناغێکی تر رەخساند. بە تایبەتی رووخانی رژێمی بەعس لە عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی کورد لە قۆناغی فاکتەری ناوچەیی بەرەو قۆناغی "ئاکتەری جیهانی" هەنگاو بە هەنگاو نزیك کردەوە. هەروەك روون و ئاشکرایە کورد یەکێك بووە لە هاوپەیمانە ناوخۆیی و هەرە گرنگی ئەمریکا لە هەوڵەکانی رووخاندنی رژێمی پێشووی عێراق. دواتر ئەو هاوپەیمانییە بووە مایەی ئەوەی کورد ببێتە هاوبەشێکی سەرەکی ئەم وولاتە لە قۆناغەکانی دروستبوونی عێراقی نوێ. لە راستیدا کورد ئەم هەلە مێژووییەی زۆر باش بەکارهێنا. بە پشتبەستنی بە ئەمەریکا هەوڵیدا زۆرترین دەسکەوت بەدستبهێنێ لە گشت بوارەکانی سیاسی و ئابووری و سەربازی. پاراستنی پێگەی فیعلی هەرێمی کوردستان لە عێراقی نوێدا یەکێکە لە ئەولەویاتە هەرە گرنگەکانی دەسەڵاتی سیاسی کورد، وە لەمەشدا سەرکەوتوو بوو. چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی نەرم، یەکێك بوو لە بەرهەمەکانی ئەم هەوڵانە. لە سایەی دەستووردا زمانی کوردی بووە زمانی فەرمی لە عێراق بە شێوەیەکی هاوسەنگ لەگەڵ زمانی عەرەبی. بەوەش کورد بۆ یەکەمجار لە عێراق بووە رەگەزێکی سەرەکی لە بنیاتنانی عێراقی نوێدا. لەسەر ئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیشدا هەنگاوی جددی لە ئارادابوو. پۆستی سەرۆککۆمار و وەزیری دەرەوە و جێگری سەرۆکی حکومەت وە ژمارەیەك وەزیر و فەرماندەی هێزەکان وجومگە سەرەکییەکانی ئیدارەی دەوڵەت بەشێوەیەکی کاریگەر کەوتە بەردەستی کورد. لە لایەکی تر دەسەڵاتی سیاسی کورد ئامادە نەبوو دەسەڵاتە نەگونجاوەکان لە دەستووری عێراق بگێریتەوە بۆ بەغدا. رێگرتن لە جێگیرکردنی یەکەکانی سوپای عێراق لە هەرێمی کوردستان و پاراستنی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان و کۆنترۆڵکردنی خاڵە سنوورییەکان تەنها چەند نموونەی گرنگ پێکدەهێنن لەمبارەیەوە. لە بواری ئابووریش دەسکەوتی زۆر جێگای باسبوو. سەرەتا رێژەیەکی بەرز وەك پشکی هەرێم لە بودجەی عێراق جێگیرکرا. هەوڵەکانی گەشەپێدانی سێکتەری نەوتی هەرێم لە ئەنجامی رێکەوتن لەگەڵ گەورە کۆمپانیا جیهانییەکان لە بواری وەبەرهینانی نەوت (تەنقیب) رێژەیەکی یەگجار زۆری یەدەگی نەوت لە کوردستان دۆزرایەوە، کە بەو هۆیەوە هەرێمی کوردستان لە نەخشەی وزەی جیهانی رێزبەندی بۆ دیاریکرا. بێگومان ستراتیژیەتی کورد لەم قۆنەغەدا زەمینە خۆشکردن بوو بۆ دروستکردنی ئابووری سەربەخۆ، کە ئەمەشیان بەردی بناغەی هەوڵەکانی راگەیاندنی سەربەخۆیی و دروستکردنی دەوڵەتی کوردی خێراتر دەکرد.

دەسکەوتە ئابووریەکان لە خۆیدا گەشەسەندنی ژێرخانی ئابووری و کەرتی بازرگانی لەگەڵ خۆیدا هێنایە کایەوە. لە سایەی وەبەرهێنان و بەبازارکردنی نەوت ودرووستکردنی فرۆکەخانە و جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ژێرخان، هەرێمی کوردستان بووە بازاڕێکی ئابووری سەرنجراکیش بۆ وڵاتانی ناوچە و جیهان، و ئارەزوبوونی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ بەشداریکردن لەم بازاڕەدا. بەکارهێنانی هەبووە ئابوریەکان بۆ گەشەسەندنی پەیوەندییە دیبلۆماسی و دەرەکییەکان ستراتیژییەکی نوێی دەسەڵاتی سیاسی کورد پێکدەهینا، لەمەشدا تارادەیەك سەرکەوتوو بوو. هەوڵی وڵاتان بۆ دامەزراندنی کونسولگەری گەورە لە قەبارەی باڵیۆزخانە لە هەولێر و سەردانی دەوڵەتمەدارانی وڵاتانی ناوچە و جیهان بەشێوەیەکی چر بێگومان نیشانەی سەرکەوتنی دیبلوماسییە لەم قۆناغەدا، لە ئەنجامدا جیهان لە دوو ئاستی جیاوازدا پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ عێراق بەڕێوەدەبرد.

پشتگیری ئەمەریکا دوای ساڵانی (٢٠٠٣) تەنها سنوردارنەبوو بە کوردستانی عێراق، بەڵکو گشتگیر بوو بۆ بەشەکانی تری ناوچە کوردنشینەکان. هاوکات ئەمەریکا سەرەڕای نارەزایی تورکیا بیروبۆچوون و داواکارییەکانی تایبەت بە چاککردنی دۆخی سیاسی کورد لەم وڵاتە بەشێوەیەکی ئاشکرا و بە دەنگێکی بڵند ئاماژەی پێ دەکرا. رەتکردنەوەی ئەم داواکارییانە لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی ئەم وڵاتە ئەمریکای ناچار کرد روو لە دوو رێگای فشارخستن بکات. یەکەمیان گرتنەبەری رێگەچارەی ئاشتییانەی کێشەی (پ.پ.ك)، دووەمیشیان هاندانی تورکیا بۆ خیراکردنی هەنگاوەکانی بە ئەندامبوونی لە یەکێتی ئەورووپا. لە راستیدا ئەم دوو ستراتیژیە لەرووی ئامانج تەواوکەری یەکتربوون. چونکە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپا، لەهەمان کاتدا جۆرێك بوو لە فشارخستنی ناڕاستەوخۆ بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵێك کرانەوەی دیموکراسی لە بەرژەوەندی کورد لەم وڵاتەدا، لەبەر ئەوەی ئەندامبوون پەیوەست بوو بە جێبەجێکردنی ستاندەرەکانی ئەم یەکێتییە لە تورکیا، بە تایبەتیش لەبواری چاکسازی دیموکراسیدا. لە ئەنجامی سەرکەوتنی (ئاك پارتی) لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی ساڵی (٢٠٠٢) هەلی پێکهێنانی حکومەتی تاکلایەنەی رەخساند بۆ ئەو پارتە سیاسییە لە تورکیا، لەکاتێکدا چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا گرنکترین جومگەکانی پرۆگرامی سیاسی ئەم پارتەی پێکدەهێنا. هەنگاوە پراکتیکییەکانی دەسەڵاتی نوێی تورکیا وەك شۆڕشێك بوون لەم دوو بوارە. لە ئەنجامی هەنگاو و گۆڕانکاریە یەك لە دوای یەکەکانی دەسەڵاتی نوێی تورکیا لەبارەی چاککردنی ژیانی سیاسی کورد، ئاستی بەشداریکردنی کورد لە ژیانی سیاسی ئەم وڵاتە بەردەوام لە بەرزبوونەوەدابوو. بەشداریکردن لە هەڵبژردنەکان بە پارتێکی سیاسی تایبەت بە رەگەزی کورد هەڵی درووستکردنی فراکسیۆنی سەربەخۆ لەناو پەرلەمانی تورکیا رەخساند، بە شێوەیەك خیتابی نەتەوەیی توندی کورد لە قەندیل رەنگدانەوەی هەبوو لە مینبەری پەرلەمانی تورکیا. هاوکات پارتە سیاسیە کوردیەکان لە هەڵبژاردنەکانی شارەوەنییەکان سەرکەوتنی گەوریان بەدەست هێنا. لە سایەی بەکارهێنانی توانا ماددی و مەعنەوی شارەوانییەکان، کورد لە هەوڵی درووستکردنی و چەسپاندنی واقیعی سیستەمی ویلایەت بوو بەدەر لە دەسەڵاتی ئەنکەرە. کۆنترۆڵکردنی سەنتەری شارە کوردنشینەکان لە رێگای شارەوانییەکان فاکتەرێکی یاریدەدەر بوو تا وەکو (پ.ك.ك) بتوانی بەشێکی رێکخستنەکانی بگوازێتەوە شارەکان. ئیتر خیتابی سیاسی نوێنەرانی کورد لە پەرلەمان و قەندیل تەواوکەری یەکتربوون. لە دەرئەنجامدا دەتوانین بلێین لەم قۆناغەدا کورد لە تورکیا بە هەمان ئاستی ریکخستن و بەرەوپێشچوونی هەرێمی کوردستان رێکخرا بوو.

هاوشانی گەشەسەندنی رۆڵی سیاسی کورد لە عێراق و سووریا پێشهاتێکی سیاسی هاوشێوە لە گۆڕەپانی سیاسی کورد لە سووریا لە دەستپێکردندابوو. بە پاڵپشتی تورکیا، ئۆپۆزسیۆنی سوریا لە (٢٠١١/٣/١٥) راپەڕینی چەکداری لە دژی رژێمی بەشار ئەسەد دەستپێکرد. لەسەرەتا و ماوەیەکی کەمدا هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن توانییان بەشێکی فراوانی سووریا لە دەست رژێم بستێنن, بەڵام دواتر دەست تێوەردانی رووسیا لە قەیرانی سووریا لە بەرژەوەندی رژێم و دروستبوونی رێکخراوی (داعش) کۆمەڵێك ئەنجامی لێکەوتەوە، گرنگترینییان لاوازبوونی تەرکیزی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و لەدەستدانی بەشێکی زۆری ئەو رووبەرەی لە کۆنترۆڵیدابوو بۆ بەرژەوەندی (داعش) و رژێم. ئەم داشکانە یەك ئیستیسنایی هەبوو، ئەویش هێزی یەپەگە، کە توانی بەدەر لە کۆبانێ دەسکەوتەکانی خۆی لە جەزیرە و عەفرین بپارێزێ, دواتر کۆبانێش بە پشتیوانی و یارمەتی ئەمریکا و گەورە دەوڵەتانی جیهانی لە دەست داعش خاوێنکرایەوە. درووستکردنی ئیدارە کوردییە سەربەخۆییەکان لە هەر سێ کانتۆنی کوردی لە باکوری سوریا لە هەموو رووەکانەوە تا رادەیەك هاوشێوەی قۆناغەکانی دامەزراندنی ئیدارەی هەرێمی کوردستانی-عێراقە. سەرەرای نارەزایەتی تورکیا، پێشکەشکردنی یارمەتییە سەربازییەکان بە هێزی یەپەگە بە چەکی قورس و راهێنان بەردەوامبوو لەلایەن ئەمەریکا و وڵاتە زلهێزەکانی تر وەك ئەڵمانیا و فەرەنسا. ئیتر کورد لە سووریا هاوشێوەی کورد لە عێراق و تورکیا گەیشتە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوو لە رووەکانی رێکخستنی ئیداری و سەربازی و پشتگیری نێودەوڵەتی. ئەوەی گرنگە بەتایبەتی ئاماژەی پێ بکرێ لەم قۆناغەدا، شەڕی کورد لەگەڵ رێکخراوێکی تیرۆریستی نێودەوڵەتی، پێگەی کورد وەك ئەکتەرێکی جیهانی لە بەهێزکردندابوو. کورد لەم شەڕەدا جگە لە داکۆکیکردن لە بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان، لەهەمان کاتدا بە رووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ رێکخراوی تیرۆریستی داعش وەکو شەڕی بەرقەرارکردنی ئاسایشی نێودەوڵەتی سەیردەکرا لەلایەن جیهانەوە. یارمەتی سەربازی وڵاتانی جیهان، بووە هۆکارێك بۆ گواستنەوەی هێزی چەکداری کورد لە مەفهومی هێزی گیانبەخش بۆ لەشکری هاوچەرخی ئامادەکراو بە چاکترین و نوێترین تەکنۆلۆجیای چەك و راهێنان.

هەڵکشانەوەی کورد لە هەرسێ وڵات تەریب بوو لەگەڵ هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ درووستکردنی پەیوەندی تەواوکار لەنێوانیان لە هەموو رووەکانی سیاسی و سەربازی و کۆمەڵایەتی و کلتووریەوە. هەولێر وەك سەنتەرێك رۆڵێکی گرنگی هەبوو بۆ لە خۆگرتنی چالاکییە سیاسیەکانی کورد لە هەر چوار وڵاتە کوردنشینەکەدا. ئامادەکارییەکانی بەستنی "کۆنگرەی نیودەوڵەتی نەتەوی کورد" لە هەولێر و پێکهینانی کۆمیتەیەکی تایبەت بە بەشداریکردنی نوێنەرانی کورد لە گشت ناوچەکان دەتوانین لەبواری چڕکردنی پەیوەندییە سیاسییەکان وەك نمونەیەك ئاماژەی پێبکەین، لە بواری سەربازیش چەندین نموونە هەیە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچونەمان بەشداریکردنی هێزێکی سەربازی پێشکەوتووی هەرێمی کوردستان لە شەڕی رزگارکردنی کۆبانێ لە دەستی رێکخراوی داعش نمونەیەکی روون و ئاشکرایە لە بواری یەکخستنی چالاکییە سەربازییەکان. لۆجستی ئەم هێزە بە بەکارهێنانی زەوی وڵاتی تورکیا و دیمەنەکانی پێشوازیکردنی هاوڵاتییانی کورد لەم وڵاتە نامەیەکی یەك ئامانجی کورد بوو بۆ رای گشتی کورد بەتایبەتی و جیهان بەشێوەیەکی گشتی. وەبەرهێنانی سەرمایەدارانی کوردی ناوچەکانی تر و یاخود رێکخستنی هەڵی کار بۆیان لە هەرێمی کوردستان و رەخساندی هەڵی خوێندن لە زانکۆکانی هەرێم نمونەیەکی تەواوکارە لە بوارەکانی خوێندن و بازرگانی و ئابووریدا. لەڕاستیدا ئەمانە بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیەکی بەهێزی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانی گەورەی فیدراڵ بوو لە ناوچەکەدا. فەرهەنگی نوێی میدیای کوردی ئەم ئاماژەیەی زور بەروون و ئاشکرا خستە بەردەم چاودێرانی سیاسی و ناوخۆیی و بیانی. لە رابردوودا میدیای کوردی ناوچە کوردییەکان بە ناوی ئەو وڵاتانەی دەناسرا کە تیایدا دەژین، بەڵام لە ئێستادا وەك کوردستانی گەورە وەك یەك پارچە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. بۆ نموونە هەرێمی کوردستانی عێراق بە (باشوور) و کوردستانی ئێران وەك (رۆژهەلات) و کوردستان سوریا (رۆژئاوا) و کوردستان تورکیا بە (باکوور)ی کوردستان لە فەرهەنگی نوێی میدیا کوردی جێگیرکراوە.

هەڵکشانەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تا ناوەندەکانی ساڵی (٢٠١٥) بەردەوامبوو. ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی گشتی تورکیا لە مانگی حوزەیرانی ئەم ساڵە خاڵی شکانەوە پێکدەهێنی لەم بارەیەوە. پارتی دەسەڵات لەم هەڵبژاردنەدا بۆیەکەمجار هەڵی پێکهێنانی حکومەتی تاك لایەنی لەدەستدا, هەڵوێستی سیاسی (هەدەپە) لە دژایەتیکردنی ئەردۆغان و جێگیربوونی (پ.ك.ك) لە ناو شارە کوردییەکان و بەرزبوونەوەی رێژەی هێرشەکان لە شارە گەورەکانی تورکیا فاکتەری سەرەکی دابەزینی رێژەی دەنگدەری ئاك پارتی پێکدەهێنا. لە راستییدا ئەم واقیعە بووە هۆی گۆڕانی ریشەیی لە پلان و پرۆگرامی ئەم پارتە لە مەنهەجی ریفۆرمخواز بۆ مەنهەجی نەتەوەپەرستی، و بەتایبەتیش چەقبەستنی سیاسەتی کرانەوە(انفتاح) دەربارەی دۆخ و مافەکانی کورد لەم وڵاتە. دوای هەڵبژاردنەکانی پێشوەخت لە مانگی ئەیلوولی هەمان ساڵ پارتی دەسەڵات دووبارە سەرکەوت و بەئەنجامێکی باشتر بە بەراورد بە هەڵبژاردنەکانی رابردوو. نزیکبونەوەی ئاك پارتی لەگەل پارتی نەتەوەپەرستی (م.ه.پ) و درووستبوونی هاوپەیمانی لە نیوانیان لە بابەتی هەموارکردنی دەستوور بە مەبەستی گۆڕینی سیستەمی حکومرانی تورکیا لە پەرلەمانییەوە بۆ سەرۆکایەتی بووە هۆی بەرزبونەوەی شەپۆلی نەتەوەپەرستی لەم وڵاتەدا. ئەم گۆڕانگاریە کاریگەربوو لەسەر رەوشی کورد لە تورکیا و لەدەستدانی بەشێکی زۆری دەستکەوتەکانی ئینفیتاحی سیاسی ساڵانی رابردوو. لەم قۆنەغەدا هاوسەرۆکانی و ئەندامانی (ه.د.پ) و ئەندام پەرلەمانانی کورد و سەرۆکی بەشێك لە شارەوانییەکان بە تۆمەتی پاڵپشتی و یارمەتیدانی رێکخراوی (پ.ك.ك) دەستگیرکران. وە دوای چەندین ئۆپەراسیۆنی سەربازی سەخت کە بەردەوام بوو بۆ چەند مانگێك توانرا چەکدارانی (پ.ك.ك) لە سەنتەری شارە کوردیەکان دووربخرێنەوە. بەم شێوەیە ئاستی حوکمرانی و نوینەرایەتی کورد لە تورکیا دووبارە داکشایەوە بەرەو نزمترین ئاستی دە ساڵی رابردوو.

ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرباری نارەزایەتی نێوخۆیی و دەرەکی، بەتایبەتی ئەمەریکا هاتە ئەنجامدان. پێشبینی دەکرا لەلایەن ناوەندە سیاسیەکان و پسپۆرانی بواری سیاسەتی نیودەوڵەتی هەرێم دوای ریفراندۆم رووبەڕووی کۆمەڵێك سزای سیاسی و دیبلۆماسی مامناوەندی کاتی بێت. بەڵام ئەوەی رویدا پێچەوانەی پێشبینییەکان بوو، چونکە هەرێم رووبەڕووی کۆمەڵێك سزای سەربازی و ئابووری و دیبلۆماسی بۆوە کە پێشبینی دەکرێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ئاسەوارەکانی بەردەوام بن. لە(حوزەیرانی) ساڵی (٢٠١٥) شەپۆل و پێشرەوی هێزەکانی پێشمەرگە بەرەو ناوچە کێشەلەسەرەکان روویدا، بەڵام دواتر ناوچەکە لە (١٦)ی ئۆکتۆبەری ساڵی (٢٠١٧) رووبەڕووی شەپۆلێکی پێچەوانە بۆوە لەلایەن هێزە چەکدارەکان و ئەمنییەکانی سەر بە حکوومەتی ناوەندی و حەشدی شەعبی سەر بە لایەنە سیاسیە شیعییەکان. بێگومان یەکێك لە ئەنجامە هەرە سەرەکی و کاریگەرییەکانی ئەم شەپۆڵە لەدەستدانی قورسایی سیاسی هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندی دەسەڵاتی مەرکەزی دابوو. کە لە دەرئەنجامدا هەرێم کۆنترۆڵی سەربازی و ئیداری تەواوی ناوچە کێشەلەسەرەکانی دووبارە لە دەستدا. بە لەبەرچاوگرتنی گرنگی جیۆپۆلیتیکی ئەم ناوچانە و لەخۆگرتنی سەرچاوەی نەوتی ستراتیژی لەرووی رێژەی یەدەگ و بەرهەمهێنان، ئاست و قەبارەی زیانەکانی هەرێم بە روونی بۆمان بەدەردەکەوێت. جگە لەوانەش هەرێم بەشێکی گرنکی پشتگیرییە نێودەوڵەتییەکانی لەدەستدا کە لە سەرەتای ساڵانی (١٩٩٠)وە رۆژ بە رۆژ لە بەهێزبوندابوو. گشت ئەم پێشهاتە نەخوازراوانە بووە هۆی قووڵبوونەوەی قەیرانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێم، لە دەرئەنجامیشدا دەتوانین بڵێین هەرێم بە درێژایی (٢٧) ساڵی تەمەنییدا بە یەکێك لە قەیراناویترین قۆناغدا تێدەپەڕێت.

پێشهاتە پێشبینی نەکراوەکان ئاماژەی داکشانە لە گۆڕەپانی سیاسی کورد دوای هەڵکشانی بەردەوام لە سەرەتاکانی ساڵانی (١٩٩٠). گشت ئەم رووداوانە بێگومان هەڵوێستی ئەمەریکا لە بارەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دووبارە خستە بەردەم پرسیار. لە سەرەتای وتارمان ئاماژەمان پێکردبوو، کورد و تورکمان دوو هاوبەشی ئەم ناوچەیەن، بۆیە ئەنجامی سیاسەتەکانی ئەم دوو پێکهاتەیە کاریگەرن لەسەر دۆخی سیاسی یەکتر. لەکاتی داڕشتنی ستراتیژییەکانی تورکمان لە عێراق و ناوچەکەدا پێویستە دۆخی کورد و پلان و ستراتیژییەکانی ئەمەریکا دەرباری کورد بەشێوەیەکی چاك شیبکرێتەوە. بێ هەڵوێستی ئەمەریکا دەربارەی کورد لە دوایین پێشهاتەکان خوێندنەوەی جیاوازی لێکەوتەوە. هەندێك لە چاودێرانی سیاسی ئەم هەڵوێستەیان وەك پاشەکشەیەك لە سیاسەتی ئەم وڵاتە زلهێزە شیکردنەوەی بۆ کرا. لەڕاستییدا ئەم بۆچوونە تا رادەیەك راستە بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە، ئایە ئەم داکشانە گۆڕانکارییەکی کاتییە؟ یاخود گۆڕانکارییەکی ستراتیژی جێگیرە؟ بە پێچەوانەی هەندێك چاودێران من لەگەڵ ئەو بۆچوونەم کە ئاماژە بە کاتی ئەم گۆڕانکارییە دەکات لە سیاسەتی ئەمەریکا. بەدرێژایی دەیان ساڵ، هەڵکشان و داکشانی بەردەوام ئاوەڵناوی سیاسەتی ئەمەریکایە لە بارەی کورد. لەگەڵ ئەوەشدا سەیرکردنی گرافیکی گشتی ئەم سیاسەتە ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو، سەرەڕای بوونی ئەم گۆڕانکارییانە پشتگیری ئەمریکا بۆ کورد بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بووە. بیرکردنەوە لە دوورکەوتنەوەی ئەمریکا لە کورد بە شێوەیەکی بەردەوام، دوای پشت تێکردنی بە شێوەیەکی ستراتیژی بۆ ماوەیەکی زۆر، بێگومان بیرکردنەوەیەکی نا واقیعیە.

پێشبینیکردنی پلانە شاراوەکانی ئەمەریکا ئاسان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین لەم بارەیەوە کۆمەڵێك بیرۆکە بخەینە بەردەست. ئەولەویەتی سەرۆکی نوێی ئەمەریکا دۆناڵد ترەمپ بایەخدانە بە سیاسەتی ئابووری و بەدەستهێنانی دەسکەوتی ماددی بۆ وڵاتەکەی. لەم بارەیەوە ئەگەر هەیە ترەمپ فشار بخاتە سەر وڵاتانی ناوچەکە، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە لە رووی یەدەگی نەوت دەولەمەندن، و بۆ بەدیهینانی ئەم ئامانجە پێویستە پەیوەندییە سیاسییەکان بەوردی هاوسەنگ بکات. مەزەندە دەکرێت، ئەمەریکا لە سەردەمی حوکمرانی ترامپ بەشێك لە پلانە ستراتیژییە رێژەییەکانی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵپەسێرێ. بێگومان ئەم گریمانە رەنگدانەوەی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و کورد و بۆ ماوەیەك رەنگە هەڵوەستە بکرێت لەم بارەیەوە، دەتوانی بەکارهێنانی ئەمریکا ئەم ماوەیە وەکو وێستگەیەکی هەڵسەنگاندنی بزوتنەوەی سیاسی کورد لەناوچەکەدا ئەگەرێکیە، بەتایبەتیش دۆخی سیاسی کورد لە ئێران و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رێکخستنییان هاوشێوەی رێکخستنی کورد لە ناوچەکانی تردا.

کورد لە رووی خەون و ئایدۆلۆژیاوە یەکێکە لە پێکهاتە هەرە چالاکەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام گشت ئەمانەی سەرەوە هێمایەکی بەهێزن کە کورد لەبارەی گەیشتن بە ئامانجەکانی پێویستە ماوەیەکی تر چاوەڕوان بێ.

# پڕۆژەیەک بۆ قەڵا دێرینەکەی کەرکوک

ئەندازیار یەشار محەمەد شاکر لە دایک بووی قەڵای کەرکوکە و زۆربەی تەمەنی لە قەڵاکە بەسەر بردووە، ئاماژە بە دروستکردنی قەڵای کەرکوک لەلایەن سۆمەرییەکانەوە دەکات.

ئەندازیار یەشار محەمەد شاکر دەربارەی چۆنیەتی دروستکردنی قەڵاکە دەڵێت "قەڵای کەرکوک لەسەر ٨٠ دۆنم زەوی دروستکراوە و چوار دەرگای سەرەکی هەیە؛ دەرگای تۆپ قاپی، دەرگای حەلواچلەر، دەرگای تاش قاپی و دەرگای یەدی قزلار".

هاوکات یەشار شاکر پڕۆژەیەکی بۆ دووبارە نیشتەجێبوونەوە و ژیانەوەی قەڵای کەرکوک ئامادەکردووە و دەشڵێت "پڕۆژەکە یەکەی نیشتەجێبوون و شوێنی گەشتیاری لەخۆدەگرێت، سوودێکی زۆر بە شاری کەرکوک بە گشتی و نەتەوەی تورکمان بە تایبەتی کەلە دانیشوانە ڕەسەنەکانی قەڵای کەرکوکن دەگەیەنێت".

ئەندازیار یەشار محەمەد شاکر وەڵامی چەند پرسیارەێکی تەبا سەبارەت بە شێوازی ئەندازیاری قەڵای کەرکوک، تایبەتمەندی پڕۆژەکەی دەداتەوە

## قەڵای کەرکوک مێژووەکەی بۆ کەی دەگەڕێتەوە

قەڵای کەرکوک٦٢٠ ساڵ بەر لە زایین، بە شێوازێکی زۆر سەرنجراکێش و ژیرانە لەلایەن سۆمەرییەکانەوە دروستکراوە. نەبوخودنەسر بەمەبەستی بەکارهێنانی وەک زیندانێک بۆ دیلەکانی جەنگ قەڵاکەی دروستکردووە.

> چوار دەرگای سەرەکی هەیە ئەوانیش هەریەکە لە دەرگاکانی تۆپ قاپی، حەلواچلەر، تاش قاپی و یەدی قزلار

بەپێی هەندێک لە سەرچاوە مێژووییەکان، نەبوخود نەسر لە فەڵەستینەوە ١٥٠٠ دیلی هێناوەتە کەرکوک کە لە نێوانیاندا دانیاڵ پێغەمبەر، عوزێر پێغەمبەر و حوسێن پێغەمبەر هەبوون. مەبەستی هێنانی دیلەکان بۆ کەرکوک دروستکردنی قەڵاییێک بووە. پادشا نەبوخودنەسر حەزی لە دەرخستنی هێز و دەسەڵاتی خۆی هەبووە و بەم جۆرە دەیویست لە ڕێی دروستکردنی قەڵاوە هێز و دەسەڵاتی خۆی نیشانی دوژمنەکانی بدات.

قەڵاکە لەسەر ڕووبەری ٨٠ دۆنم دروستکراوە. هەریەکە لە مزگەوتی ئولو و منارەی گۆک لە ئاسەوارەکانی میرنشینی سەلجوقییەکانن. چوار دەرگای سەرەکی هەیە ئەوانیش هەریەکە لە دەرگاکانی تۆپ قاپی، حەلواچلەر، تاش قاپی و یەدی قزلار. بۆ ئەوەی کەسی بێگانە نەچێتە نێو قەڵاکە، لە کاتی ڕۆژئاوابوون دەرگاکانی قەڵا دادەخران.

ئەگەر چاوێک بە مێژوودا بخشێنینەوە، ئەوا دەبینین زۆربەی دەوڵەت و میرنشینە کۆنەکان لە چوار شاری سەرەکی پێکدەهاتن؛ شارێکی سەربازی، شارێکی سیاسی، شارێکی ئایینی و شارێکی ئابووری. لە جۆگرافیای عیراقدا سامەرا شارێکی سیاسی، بەسرا شارێکی ئابووری، کەربەلا شارێکی ئایینی و کەرکوکیش شارێکی سەربازی بووە.

> تونێلەکانی ژێر قەڵا بەنێو گەڕەکەکانی موسەڵڵا و ئیمام قاسم و ئەحمەد ئاغا تێپەردەبێت

لە لێکۆڵینەوەیەکی وەزارەتی ڕۆشەنبیری عێراقی دەرکەوتووە کە ٦٣ دیواری وەک قەڵغان لە چواردەوری قەڵای کەرکوک بوونییان هەیە. هاوکات چەند تونێلێکیش لە ژێرەوەی قەڵاکە هەبوونە. تونێلەکانی ژێر قەڵا بەنێو گەڕەکەکانی موسەڵڵا و ئیمام قاسم و ئەحمەد ئاغا تێپەردەبێت. لە سەردەمانی پێشوو ئەو تونێلانە لە باری جەنگ بەمەبەستی گواستنەوەی خواردن و خواردنەوە و پاڵپشتی بەکارهاتوون.

لە بابەتی نامەی دەرچوونم لە کۆلێژ، قەڵا و بە تایبەتی شێوازی دروستکردنی خانووەکانی ناویم شیکردووەتەوە. خانووەکانی قەڵا لە دەرەوە بە دیواری بەرز دروستکراون کە یەک دوو پەنجەرەی بچووکی تێدایە. بە زاراوەی ئەندازیاری بەم جۆرە خانووانە دەووترێ خانووی بەرەوژوور دروستکراو. بە خانووەکانی ئەم سەردەمەش دەووترێت خانووی بەرەو ڕووکەش دروستکراو. جوانکاری زیاتر لە ڕووی دەرەوەی خانوو نیشان دەدرێت. هۆکاری دروستکردنی دیواری بەرز بۆ خانووەکانی قەڵا، پاراستنی مەحرەمی خانوو و دانیشتووی خانووەکەیە. لەگەڵ بەرزی دیواری خانووەکان، لە ژوورەوە فەخامەت و جوانی خانووەکان بەدیار دەکەوێت. خانووەکان بە گشتی یەک یا دوو نهۆمی بەیەکەوە نووساون. بۆ نموونە ژووری خواردنی خانوییێک لەسەر ژووری دانیشتن یاخود ژووری نووستنی خانووێکی تر دروستکراوە. دیواری بەرامبەر دەرگای ژووری دانیشتن بە نەخش و جوانکاری دەڕازرێندرێتەوە. لە مەتبەخ یان هۆڵ ژوورێکی بچووک هەیە کە وەک کۆگای خواردن بەکاردێت. پەنجەرەی ژووری سەرەکی ماڵەکان سەیری هۆڵ یا حەوشەی خانووەکە دەکەن. حەمام و ئاودەستی خانووەکە لە نهۆمی سەرەوە دەبێت، هۆکارەکەشی بۆ خاوێن ڕاگرتنی خانووەکە دەگەڕێتەوە.



بەهۆی گەرمی ژینگەکەی، خانووەکان بە شێوازێک دروستکراون کە کاریگەری گەرما زۆر کەم دەکاتەوە.

بەشێوەیەک ئەستووری دیواری ئەو خانووانەی کە بەبەرد دروستکراوە ٦٠ سانتیمەترە و بناغەیان لە قوڕ دروستکراوە. ئەو سیستەمە گەرمی هەڵدەمژێت و لە ناوەوەش دەیپارێزێ. ئەو سیستەمە تایبەتمەندی دژە دەنگ، دژە سەرما و گەرما بە خانووەکان دەبەخشێت. بۆ نموونە ئەگەر پلەی گەرما لە دەرەوە ٥٠ پلەی سیلیزی بێت لە ژوورەوە پلەی گەرما ١٠ پلەی سیلیزی دەبێت. لە وەرزی زستانیش کەش و هەوای خانووەکە بە تەواوی پێچەوانەی هاوین دەبێت. بەگشتی دەرگای دەرەوەی ماڵەکانیش نزم و بچووک دەبێت. هۆکارەکەی ئەوەیە کاتێک دەچیتە ژوورەوە لە دەرگای ماڵەوە سەر دانوێنی و ڕێز لە ماڵەکە بگریت. لە ناوەڕاستی قەڵا گەڕەکێک بە ناوی گەڕەکی مەیدان هەبووە، دەووترێت ئێواران خەڵکی قەڵاکە کۆدەبوونەوە و باسییان لە هەواڵەکانی نێو شارەکە دەکرد، هەروەها تاوتوێ و گفتوگۆیان دەکرد. ئەو جۆرە کۆبوونەوانە ببووە هۆی لێک نزیکبوونەوەی خەڵکی قەڵا و ئاگاداربوونیان لە هەموو ڕووداو و پێشهاتەکان.

پێموایە بیرهێنانەوەی سوودبەخش دەبێت، قەڵای کەرکوک قەڵایەکی سەربازییە لە بانی خانووەکانی بۆ عەمبار کردن و گواستنەوەی گەنم و جۆو ئالیکی ئاژەڵ کۆگای گەنم و جۆ هەبووە، بۆڕی گەورە لە بەشی سەرەوە بۆ خوارەوەی خانووەکە بەکاردەهێندرا بۆ گواستنەوە گەنم و جۆ. ئەو ڕێکارە بۆ دوورخستنەوەی خەڵک لە ترسی برسییێتی لە کاتی جەنگدا نەخشەی بۆ کراوە.

> ئەگەر لە بری چاککردنەوە بڵێین تێکدان دروستررە

## بەر لە چەند ساڵێک دەست بە نۆژەنکردنەوە هەندێک شوێنی قەڵا کرا، بۆچوونی ئێوە چییە لەسەر نۆژەنکردنەوەکە

لە زاراوەی ئەندازیاری بەکار هێنانی نۆژەنکردنەوە بۆ شوێنەوارە مێژووییەکان هەڵەیە، چونکە ئەگەر بەراووردێک بکەین، ئەو کەرەستانەی لەم ڕۆژگارەدا بەکاردەهێندرێن هیچ پەیوەندییەکی بەکەرەستەکانی سەردەمی پێشوو نییە. لە کاتی نۆژەنکردنەوەی قەڵا شێوازی مێژوویی و دیزاین و جوانکاری خانووەکان لەناوبراون. ئەوەش هەستە مێژووییەکەی لەناو بردووە. ئەگەر لە بری چاککردنەوە بڵێین تێکدان درووستترە.

> پڕۆژەیەکم بۆ دووبارە ژیانەوە لە قەڵا پێشکەش کردووە

## بیستوومانە کە پڕۆژەیەکتان بۆ قەڵای کەرکوک هەیە، دەتوانن زانیاریمان دەربارەی پڕۆژەکە پێبدەن؟ ئایا قەڵا دووبارە دەبێتەوە شوێنێك بۆ نیشتەجێبوون

لە ساڵی ١٩٩٠ و دوای ڕووخاندنی، تا ئیستا بۆ قەڵای کەرکوک هیچ هەنگاوێکی جدی نەنراوە. هەربۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ رووبەڕووی رووخان و لە ناوچوونی زیاتر دەبێتەوە. وەک ئاماژەم پێکرد لە قەڵا ٨٠ دۆنمیەکەی کەرکوک ٥٠ خانووی سەر بە وەزارەتی ڕۆشەنبیری هەیە. پڕۆژەیەکم پێشکەش کردووە بە دروستکردنی کۆمەڵێک خانووی نوێ هاوشێوەی خانووە کۆنەکان. بەڵی لە ڕاستیدا پڕۆژەکەم دووبارە نیشتەجێبوونەوەی دانیشتووانەکەی و ژیانەوەی قەڵای کەرکوکە. هەوڵی دروستکردنی خانووی هاوشێوەی خانووە مێژووییەکان و باڵەخانەیەکی گەورە بۆ مۆزەخانەیەکی مێژوویی دەدەم و هەنگاوی جدیم بۆ ئەمە ناوە. دەستپێکی پڕۆژەکە

دروستکردنی خانووی مێژوویی دەبێت، واتە خانووی نوێ بە شێوە و نەخشەی کۆن و مێژووییەکەی

> سیاسیەکان پاڵپشتیان نەکردووین

## پڕۆژەکە لە چ قۆناغێکدایە و چۆن پێشوازی لێکراوە

ئێمە هەنگاوی پێویستمان ناوە، دوای شیکردنەوەی پلانمان بۆ داڕشتووە، بودجەی پێویستمان دیاری کردووە و پاشان نەخشەسازیمان بۆ کردووە. لە چەند ڕۆژی ڕابردوو پڕۆژەکەمان پێشکەشی دەستەی وەبەرهێنان و وەزارەتی ڕۆشەنبیری و دەزگای تر کردووە. دەتوانین بڵێین گڵۆپی سەوزیان بۆ هەڵگیرساندووین. بەڵام بە داخەوە دەیڵێم کە سیاسیەکان پاڵپشتیان نەکردووین، دەتوانم بڵێم ڕێگریشیان کردووە. سیاسییانمان وابیردەکەنەوە کە پێویستە قەڵا ڕادەستی یونسکۆ بکرێت و کاری پێویستی بۆ بکەن. بەڵام من دەڵێم با ئێمە ئەو پرۆژیە جێبەجێبکەین و نەتەوەکەمان سوودمەند بێت. با وەکو قەڵای هەولێر نەبێت، پارە لە خەڵک وەربگیرێت و بچێتە گیرفانی دەوڵەت. من پرۆژەیەکی لەم جۆرەم پێشکەش کردووە و هەموو شتێک ئامادەیە، لە بری درێژکردنی دەستی هاوکاری و پاڵپشتی کردن ڕێگری لە پرۆژەکە دەکرێت.

## لە پرۆژەکە قەلا دەبێتە شوێنێکی گەشتیاری یاخود شوێنێک بۆ نیشتەجێبوون

لەراستیدا پڕۆژەکە لە رووی یەکەی نیشتەجێبوون و شوێنی گەشتیاری ئامادە کراوە، سوودێکی زۆری دەبێت بۆ شاری کەرکوک و دانیشوانە ڕەسەنەکەی قەڵای کەرکوک کە نەتەوەی تورکمانە. ئەو تورکمانانەی کە لەسەردەمی ڕژێمی سەدام لە ماڵ و حاڵیان کران لە ڕێی ئەم پرۆژەیەوە دەتوانن بگەڕێنەوە ماڵەکانیان.

> لە کۆی گشتی٩٩٩ خانوو لە قەڵا بوونی هەیە

## چی دەڵێن لە بارەی دانیشتوانی قەڵا؟ کێ خاوەنی قەڵای کەرکوکە

دەتوانم بڵێم سەرژمێری خانووەکانم کردووە و گەیشتوومەتە ئەنجام. لە کۆی گشتی ٩٩٩ خانوو لە قەڵا بوونی هەیە. ١٧ماڵی کوردی کرێچی، ٢٤ماڵی عەرەب وە ٤٢ ماڵی مەسیحی هەبووە کە ئەوانیش ببوون بە تورکمان. تەواوی ماڵەکانی تریش سەربە تورکمانان بوونە. مەسیحییەکان بە تورکمانی دەدوان و بە کەلتووری تورکمان ئاشنا ببوون. ئەو مەسیحییانەی لە دەرەوەی قەڵا دەژیان مەسیحییەکانی قەڵایان بە "گاور" ناودەبرد کە لە زمانی ئەوان بەمانای "کافر" دەهات.

## یەشار محەمەد شاکر کێیە

ئەندازیار یەشار محەمەد شاکر لە قەڵای کەرکوک لە دایک بووە. بەشێکی زۆری ژیانی لە قەڵای کەرکوک بەسەربرووە. دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی بەغدادە. شایەنی باسە یەشار محەمەد شاکر، نامەی دەرچوونی لە کۆلێژی ئەندازیاری بە ناونیشانی "ئەندازە و تایبەتمەندی قەڵای کەرکوک" بووە.

هەواڵ & فۆتۆ: عەبدوڵا ئەحمەد

# مناڵانی تورکمان بە جل و بەرگی نەتەوەیی تورکمانی

لە رۆژی جل و بەرگی نەتەوەیی بە پۆنسەری ئاژانسی میدیایی تورکمان (تەبا)، قوتابیانی قوتابخانەی ئاق قۆینلوی تورکمانی بە پۆشینی جل و بەرگی نەتەوەیی بەشدارییان لە چالاکییەکە کرد.

بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئاق قۆینلوی تورکمانی خالید رۆستەم سولەیمان، بەهۆی بوونی بە سپۆنسەر لە رۆژی جل و بەرگی نەتەوەیی بۆ قۆتابیانی قوتابخانەکە، سوپاسی ئاژانسی میدیایی تورکمان (تەبا)ی کرد.

لە رۆژی ١٠ی مارتی هەموو ساڵێک قوتابخانەکە ئەو چالاکییە دەکات، لەو بارەیەوە خالید رۆستەم سولەیمان ووتی "ئێمە لە ٨ی مارت یادی ئەو رۆژەمان کردەوە. وەکو قوتابخانە تورکمانییەکان، مێژوویەکی دووردرێژمان هەیە لە هەولێر و کەرکوک و ناوچەی تورکمەن ئێلی. ئێمە جلوبەرگی میللی تایبەت بەخۆمان هەیە، لەبەرئەوەی خەڵک بە دۆخێکی سەختی ئابووریدا تێدەپەڕێت. هەربۆیە پۆشینی جلوبەرگی تورکمانی بەتایبەتی لە شاری هەولێر کەمبووەتەوە".

## هەوڵدەدەین پۆشینی جلوبەرگی تورکمانی دووبارە زیندووبکەنەوە

هاوکات خالید رۆستەم سولەیمان ئاماژەی بەوە کرد ئەوان هەوڵدەدەن پۆشینی جلوبەرگی تورکمانی دووبارە زیندووبکەنەوە و زیاتر ووتیشی "لە ساڵی پێشوو هەوڵماندابوو شتێکی جیاوازتر بکەین. بۆ هاوکاری بۆ ئەم مەبەستە، سەردانی چەند شوێنێکم کرد، چونکە زۆربەی زۆری قوتابییەکانمان دۆخی ئابوورییان باش نییە. داوام کرد قوتابخانەکەن بۆ ئەم مەبەستە کارێک بکەن، بەڵام بەراشکاوانە دەیڵێم قوتابخانەکانیشمان بودجە و توانایان پێوستیان نییە".

بەڕێوەبەرەکەی قوتابخانەی ئاق قۆینڵوی تورکمانی ئاشکرا کرد کە ئەوان ویستویانە ١٥ جلی تورکمانی کچان و ١٥ جلی تورکمانی کوڕان بەدروون بدەن و دەڵێت "بەداخەوە بواری ئەوەمان بۆ نەرەخسا ئەم کارە بکەین. کاتێک پەیوەندیم بە ئاژانسی میدیایی تورکمان کرد، بە خۆشحاڵییەوە یارمەتیان داین و سوپاسیان دەکەین. دواتر ئەم بابەتەم بۆیان روونکردەوە، ئاواتەخوازبوین ٣٠ پارچە بدوورین بەڵام لە ئێستادا بە شەش پارچە دەستمان پێکرد".

## هەرگیز ئەم رەنجەیان لەبیر ناکەین

مامۆستا خالید ئاماژەی بەوەدا کە باوکی یەکێ لە قوتابیانی قوتابخانەکە هەڵساوە بە هاوکاری کردن و زیاتر دەڵێت "سێ دانە جلی نەتەوەیی تورکمانی بۆ کچان لەلایەن تەباوە دوورا. هەرگیز ئەم رەنجەیان لەبیر ناکەین. لەراستیدا مامۆستا گولەر هەڵساوە بە ئەنجامدانی چۆنییەتی بڕینی قوماشەکە و دیزاینەکەی. مامۆستا رۆناکیش هەڵساوە بە دورینی جلەکان. هەموویان رەنجیان کێشاوە".

## کاری باش لە هەولێر روودەدات

ناوبراو ئاماژە بە بۆنەی ئەم ساڵ دەکات و دەڵێت "لەچاو ساڵانی پێشووتر ئەم ساڵ یادەکە جوانتر بوو. ساڵانی پێشوو بەم شێوەیە یادەکە نەدەکرایەوە. بەڵام ئەم ساڵ لە قوتابخانەکانی ئاق قۆینلو و دۆغوش و ئۆغوزخان بەشێوەیەکی جوان یادی کرایەوە و بە پۆشینی جلوبەرگی نەتەوەیی تورکمانی. دەمەوێت ئەوە بڵێم کە هەندێک شتی باش لە هەولێر روودەدات
. ئاواتەخوازین لە ساڵی ئایندەدا قوتابخانە تورکمانییەکان لەلایەن هەموو کەسێک بیری لێ دەکرێت. تورکمان بە قوتابخانە تورکمانییەکانەوە جوانە".

## پێویستە دابونەریتمان بە برایانی کورد بناسێنین

لەلایەکی تر باس لە بوونی قوتابیانی کورد لە قوتابخانەکە دەکات و دەشڵێت "برایانی کورد ناوی منداڵەکانیان لەلای ئێمە تۆمار دەکەن. بێگومان هەوڵدانیان بۆ فێربوونی زمانی ئێمە شانازییە. پێویستە دابونەریتمان بە ئەوان بناسێنین"

قوتابخانەی ئاق قۆینڵوی تورکمانی هەژمارێکی تایبەتی لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەناوی قوتابخانەکە هەیە و مامۆستا خالید لەو بارەیەوە دەڵێت "بیرمان لەوە کردەوە کە دەست بە هەڵمەتێک بکەین لە تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووک، بەڵام بەداخەوە دەزانین کە کەس یارمەتیمان نادات. داوامان لە خەڵک کرد چەند جۆرە دیزاینێکی جلی تورکمانیمان بۆ بنێرن، بەڵام بەداخەوە وەڵامی ئەوەشیان نەداوە. باشتر وابوو سەردانی دامەزراوەکانمان بکەین. دەوڵەمەندەکانمان پارە خەرج ناکەن. بەڵام دامەزراوەکانمان دەتوانن. ساڵی پار تیکا سەردانی قوتابخانەکەمانی کرد و ئەوەی ویستمان بۆمانی جێبەجێکرد. خودا لێیان رازیبێت".





## کۆمەکییەکان لەلایەن تیکاوە ئەنجامدراوە

خالید رۆستەم سولەیمان تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە ئەوان تاکە قوتابخانەن کە خاوەنی ژووری کۆمپیوتەر و پارکی منداڵنن و دەڵێت "ئەو هاوکارییانە هەمووی لەلایەن تیکاوە ئەنجامدراوە. خۆزگە بۆ جلوبەرگەکانیش تکایانم لێکردبا. هەمیشە ئومێد بە کەسی وەکو ئێوە هەیە".

## ئەم ساڵە لە ساڵانی پێشوو جیاوازترە

سەلاح فەیسەڵ، باوکی عەبدوڵڵای قوتابی لە قوتابخانەی ئاق قۆیونڵوی لە رۆژی جل و بەرگی تورکمانی دڵخۆشی خۆی دەربڕی، چونکە کورەکەی جلوبەرگی نەتەوەیی تورکمانی پۆشیوە و ووتی "ئەم ساڵە لە ساڵانی پێشوو جیاوازترە".

## لە ساڵانی پێشووتر تەنها بە جلوبەرگی کوردی ئەم چالاکیە ئەنجام دەدرا

هاوکات دەشڵێت"لە ساڵانی پێشووتر تەنها بە جلوبەرگی کوردی ئەم چالاکیە ئەنجام دەدرا. بەڵام ئەم ساڵ بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە جلوبەرگی تورکمانی بۆ قوتابییەکانی دووری. چالاکییەکی زۆر جوان لە قوتابخانەکە ئەنجامدراوە. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە قوتابیان و ئیدارەی قوتابخانەکە دەکەم. هەروەها پیرۆزبایی خۆم دەگەیەنم لە رۆژی جیهانی ئافرەتان".

سەلاح فەیسەڵ سوپاسی هەوڵەکانی بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەی ئاق قۆیونڵوی دەکات.

**عەلی عەنتەر**
**فۆتۆ: عەبدوڵا ئەحمەد**

# گرێ و قوفڵەکانی سەر پردی ئەئیممە



لە ڕۆژی دووەم لە شاری بەغداد، بەمەبەستی سەردانی مەزرگەی حەزرەتی موسا ئەلکازم لە بەردەم هوتێلەکە بە تاکسییەک بەرەو ئەو شوێنە بەڕێکەوتین.
شۆفێری تاکسییەکە وەکو ڕێبەرێک نەخشەڕێگای شوێنەکەی بۆ شی کردین.

شۆفێرەکە لێی پرسیین ئاخۆ خەڵکی کام شارەین، دوای وەڵام دانەوەمان، ووتی "خودا لێتان قبوڵ بکات. دەتوانن هەر لەوێش نیوەڕۆخوانتان بخۆن، پاسی تایبەت دابینکراوە سەردانیکەران دەگەیەنێتە شوێنی مەبەست و دواتر دەیانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو شوێنەی لێی هاتوون. خزمەتگوزاریەکە بێ بەرامبەرە. ئێوەش دەتوانن سوودمەند بن".

بە تاکسییەکە گەیشتینە جێی مەبەست. شوێنەکە زۆر قەرەباڵغ بوو. بە دەرگایەک چووینە ژوورەوە سەربازانێک خەڵکیان دەپشکنی بەجۆرێک پیاو و ئافرەت بە جیا دەچوونە ژوورەوە. پاش ئەوەی ئێمەیان پشکنی لە سەرەکە، بەرەوە بەشی خزمەتگوزاری گواستنەوە چووین کە لە چەند پاسێکی بچووک پێکهاتبوون، سەردانیکەرانیان لەبەردەم دەرگاکەوە و بەرەو مەزارگەی ئیمام موسای کازم دەبرد.
لە بری ئەوەی بە پاسەکان بڕۆین ویستمان بەپێ بڕۆینە ژوورەوە، خەڵکێکی زۆرمان بین وەک ئێمە سواری پاس نابن و بە پێ دەڕۆن. پرسیمان بۆچی خەڵکی بەپێ دەڕون؟ ووتیان "پاداشتەکەی گەورەترە".

لە ڕاستیدا ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاین پردی ئەئیممە بوو. هەر کە پردەکەمان بەرچاو کەوت، پردی خۆشەویستی پاریسمان بیرکەوتەوە، ئەگەر ژمارەشی کەم بووبێت هاوشێوەی پردی پاریس لە پردەکە قوفلی ئاوات و داخوازی هەبوو، هەروەها پەڕۆی سەوز و سوور و ڕەش بە پارچە پارچەیی گرێدرابوون.

جیاوازی ئەم پردە لە تەواوی پردەکانی تری جیهان تەنها ئەو کارەساتەیە کە بەسەری هاتبوو.

## ئەو ڕووداوەی کە گیان لەدەستدانی نزیکەی ١٠٠٠ کەسی لێکەوتەوە

ڕووداوە ئازاربەخشەکە بەم جۆرە بووە: لە بەرواری ٣١ی تەمموزی ٢٠٠٥، لە ساڵیادی کۆچ کردنی ئیمام موسای کازم کە حەوتەمین ئیمامی ١٢ ئیمامە بەناوبانگەکەیە، سەدان هەزار کەس بۆ سەردانی کردنی مەزاری ئیمام موسا بەڕێ دەکەون و بەم پردەدا تێپەڕدەبن. لە ناکاو کەسێک لەناو قەرەباڵغییەکە بەدەنگی بەرزەوە دەڵێت "بۆمب هەیە" و شڵەژانێکی زۆر دروست دەبێت، سەدان کەس لەسەر پردەکەوە خۆیان هەڵدەدەنە ڕووباری دیجلە، ژمارەیەکی زۆریش بە هۆی ڕاکردنی خەڵکی لەژێر پێیان گیان لەدەست دەدەن. لە ئاکامی تەقینەوەکە ١٠٠٠ کەس گیان لەدەست دەدەن.

ڕووداوە دڵتەزێنەکە بووە هۆی داخستنی پردەکە، لە ١١ تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ دووبارە بەڕووی خەڵک دەکرێتەوە.
مەڕاسیمی کردنەوەی پردەکە لەلایەن ئەحمەد عەبدولکەفور ئەلسامەرائی سەرۆکی وەقفی سوننی و ساڵح ئەل حەیدەری سەرۆکی وەقفی شیعی کراوەتەوە. لە

ڕۆژی کرانەوەی پردەکە خەڵکی هەردوو ناوچەکە هاتوونەتە سەر پردەکە و یەکتریان لە باوەش گرتووە و قوربانیان سەر بڕیوە.

لە ڕووداوەکە چیرۆکێکی قارەمانانە هەیەکە بە شانازییەوە باس دەکرێت. بۆ ڕزگارکردنی ئەو کەسانەی کە لە کاتی ڕووداوەکەدا خۆیان هەڵداوەتە ناو ئاوی دیجلە باشترین مەلەوانەکانی ناوچەی ئەعزەمییە هاتوون، یەکێک لەو مەلەوانانە عوسمان ئەلعوبێدیە کە دوای ئەوەی دەیان کەسی لە ڕووباری دیجلە ڕزگارکردووە، لەکۆتاییدا بەهۆی نەمانی توانای لە ناو ئاودا لەناوەڕاستی ڕووبارەکە خنکاوە.

## ناوی پردی ئەئیممە لە چیەوە هاتووە؟

پردی ئەئیممە، پێنجەمین پردی بەغدادی پایەتەختە کە لەسەر ڕووباری دیجلە دروستکراوە، ئەو پردە ناوچەکانی کازمییە و ئەعزەمییە بەیەکەوە دەبەستێتەوە. بەر لە دروستبوونی پردەکە خەڵک بۆ پەڕینەوە لە ئاوەکە پارچە داریان لەسەر لاستیکی هەوا داناوە هاوشێوەی بەلەمی بچووک. بۆ ئەم مەبەستە دوای جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٥٧ پردێک لە چیمەنتۆ دروستدەکرێت.

بەهۆی بەیەک بەستانەوەی مەزاری هەردوو ئیمام موسا ئەلکازم و ئەبو حەنیفە ئەلنوعمان لەم بەر و ئەوبەرەی پردەکە، ناوی ئەئیممە لە پردەکە نراوە.

بەم بەسەرهاتە دڵتەزێنە ڕێگاکەمان بڕی، بە تێپەڕبوون لە خاڵێکی تری پشکنین چووینە نێو مەقامی ئیمام موسا ئەلکازم. پۆلیسێک جانتای کامێرەکەمانی پشکنی و داوای ناسنامەی لێکردین. لە کاتی سەیرکردنی ناسنامەکان گوێبیستی قسەکردنمان بوو و ڕووی تێکردین و ووتی "ئێوە تورکمانن؟" ووتمان بەڵێ. لەو کاتەدا یەک دوو پۆلیسی تر هاتن و ئەوانیش لە نێوان خۆیاندا بە تورکمانی قسەیان دەکرد. ئێمەش بە تورکمانی لێمان پرسین "ئێوە خەڵکی کوێن؟" ووتیان ئێمە خەڵکی تەلەعفەرین.

لەو دەرگایەش بە کامێراکەوە چووینە ژوورەوە. بەڵام بردنە ژوورەوەی کامێرا بۆ ناو حەرەم لە خاڵی پشکنینی دواتر دیاری دەکرا، وادیار بوو ئەم کارە ئەستەم بێت.

ڕێگایەکی دووورودرێژ مابوو. بە درێژایی ڕێگاکە لە زێڕنگرەوە تا بەقاڵ هەموو پێداویستیەک بۆ کڕینی دیاری هەبوو.
بە هیچ شێوەیەک ڕێگە بەبردنە ژوورەوەی مۆبایل و کامێرا و کەلوپەلی ئەلیکترۆنی نەدەدرا . ئەو کەسەی کە کامێرا و مۆبایل یاخود هەر شتێکی ئەلیکترۆنیان لەلا بووایە، دەبوا لە پرسگە لەگەڵ ناسنامەکەی جێیبهێڵێت. دەتوانیت بچیتە ژوورەوە بۆ سەردانیکردنی مەزاری ئیمام و لە کاتی دەرچوونت ئامێرەکان وەردەگریتەوە. هیچ بڕە پارەیەکیش وەرناگیرێت لە بەرامبەر ئەمەدا. ئێمەش بەم شێوەیە چووینە ژوورەوە.

کاتێک چووینە ژوورەوە، قەرەباڵغیەک هەبوو بە شێوەیەک لە دەرگای چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوەی مەزارگەکە بە سەدان کەس هەبوون. لە هەموو لایەک بەدەنگی بەرز سەڵەوات لێدەدرا.
مەزاری ئیمام بە قەفەزێکی زێڕین دەوردراوە، لە قەفەزەکەوە بە ملۆنان دیناری تیایە کە لەلایەن هاوڵاتییانەوە بەخشراوە. نزیکەی سێ بەشی قەفەزە گەورەکە پڕببوو لە پارە.
وەک ئەوەی باس دەکرا و شوفێرەکە بۆمانی دەگێڕایەوە، نیوەڕۆخوانەکان و پارەی لە ڕێی هاوڵاتییانەوە دەبەخشرا.
هاوشێوەی ئەمە پێشووتر لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادر گەیلانی هەمان شتمان بەرچاو کەوتبوو، ئەوەی بە هزرماندا هات ئەوەبوو کە هەرچەندە مەزهەبەکان جیاواز بن بیر و باوەڕەکان زۆر لێک نزیکن.

**محەمەد فەرید ئەربیل ئوغلۆ**
**فۆتۆ: عەبدوڵا ئەحمەد**



**خاوەنی ئیمتیاز: تەبا**

**سەرنووسەر: محەمەد فەرید ئەربیل ئوغلۆ**

**ووردەکاری لە نووسین: داستان ئەحمەد**

**دیزاین: چۆبان تیمور**

www.tbajansi.com
facebook.com/tbajansi
twitter/@tbaajansi
instagram.com/tbajansi
plus.google.com/tbajansi
youtube.com/tbajansi

Email: gazete@tbajansi.com
بۆ پەیوەندی: ١١ ١٠ ٢٦١ ٠٧٥٠
١١ ١٠ ٣٤٣ ٠٧٧٣
بۆ ڕێکلام کردن: ٣٣ ٦٣ ٩٣٤ ٠٧٥٠
٣٣ ٧٣ ٩٣٤ ٠٧٥٠
ناونیشان: شەقامی ٣٠م/ بەرامبەر هوتێلی نێودەوڵەتی هەولێر

تێبینی: بابەتەکانی گۆشەی بیرورای هەفتەنامەی تەبا، گوزارشت لە بیروڕای خودی نووسەر دەکات.